سبەینێ مووچەی بەشێک لە خانەنشینی پێشمەرگە دابەشدەکرێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە کە سەرۆکی حکومەت بۆیاری دا مووچەی خانەنشینانی پێشمەرگە خەرج بکرێت.

ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بەوەدا کە "لەسەر فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیاردرا کێشەی مووچەی ئەو ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگانەی لە 2025/1/1 بەو دواوە خانەنشین بوون و مووچەیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە خەرج نەکراوە چارەسەر بکرێت".

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە کە "سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپارد، بەیانی پێنجشەممە 11/6 مووچەیەکیان وەك پێشینە لە سەر داهاتی ناوخوی هەرێم بە خەرج بکات و بە زووترین کاتیش چارەسەری ئەم بابەتە بکرێت".